**مه‌هاباد قه‌ره‌داغی**

## نامه‌یه‌ک بۆ "دڵنیا ڕه‌زازی"
## له‌ پێناوی هه‌ناسه‌ سارده‌کانی مه‌رزیه‌ی هاوڕێم

دڵنیا گیان،
هه‌ردووکمان تاسه‌بارین، تۆ دایکێکی مه‌زن و من هاوڕێیه‌کی گیانیبه‌گیانیم کۆچی کرد. هه‌ردوکمان دڵمان پڕاوپڕه‌ له‌ حه‌سره‌ته‌ مه‌رزبه‌زێنه‌کانی مه‌رزیه‌ و نازانین چۆن ئاگردانێ چێ بکه‌ین بۆ گه‌رمکردنه‌وه‌ی هه‌ناسه‌ سارده‌کانی و، ئاسمانێک چێکه‌ین بۆ هه‌ڵفڕینی باڵنده‌ی ستڕانه‌ په‌ڕوباڵنه‌گرتووه‌کانی.

دڵنیا گیان،
خۆت ده‌زانی دڵی من چ کانگایه‌ک بوو بۆ ڕازه‌جوانه‌کانی دایکت، له‌ نێو ڕۆحی خۆمدا په‌نای ئازاره‌کانیم ده‌دا و نه‌مده‌هێشت ژانه‌کانی بێ ژوور بن، نیازه‌کانی بێناز و خه‌مه‌کانی بێخانه‌ولانه‌ بن. هه‌موویان ئه‌وه‌تان لێره‌، لای من، له‌ نێو دڵی خۆمدا خه‌رمانی خه‌مه‌کانیم داناوه‌، ئه‌گه‌ر ته‌مه‌ن یار بێت ڕست ڕست ئه‌و مرواریانه‌ ده‌هۆنمه‌وه‌ و له‌ ملی تۆی ده‌که‌م.

دڵنیاگیان،
هه‌ردوکمان ده‌زانین مه‌رزیه‌ چه‌ند دڵی به‌و پرۆژه‌ هونه‌رییانه‌ خۆش بوو که‌ له‌ نێوانماندا بوون،
یه‌که‌میان: "سێ هۆنراوه‌ بۆ سێ ستران"،
دووه‌میان: " هۆنراوه‌یه‌ک بۆ گۆرانییه‌کی یه‌ک کاتژمێری" ،
سێیه‌میان: "سروودێک بۆ ڕۆژی ژن".

که‌ هه‌واڵی ئه‌و کۆچه‌م پێ گه‌یشت، وه‌خته‌ له‌ حه‌ژمه‌تی ئه‌و حه‌سره‌تانه‌دا بمرم، دوا قسه‌کانم له‌گه‌ڵیدا باسی ئه‌و پرۆژانه‌ بوو، که‌ باسی ده‌کردن گه‌شکه‌ ده‌یگرت. پێش کۆچه‌که‌ی بۆ سوێد، پێی گوتم: "مه‌هاباد گیان، تۆ چیت کردووه‌، ماڵته‌ چۆن ئاوا ئه‌و هۆنراوانه‌ت پڕاوپڕی دڵی من نووسیوه‌، وه‌خته‌ هه‌ڵفڕم له‌ خۆشیان و زۆر په‌له‌مه‌ تۆماریان که‌م، ئه‌م به‌رهه‌مه‌ ته‌واو به‌ دڵی خۆم ده‌بێت و زۆر دڵم پێیان خۆشه‌." منیش

پێم گووت: " مەرزیە گیان، ئەو هۆنراوانەم تەنها بۆ تۆ نووسیوە، بە هەناسەی تۆ نووسیومە و لە ناخی دڵمەوە هەڵقوڵیون و دەمزانی و دڵنیابووم دەگەنە ناخی دڵت."

ئەو دوو ڕستەیەی نێوانمان، لە نێوان سەدان ڕستەی تری پڕ لە جۆش و خرۆش، کە لە نیو کاتژمێر دا کردمانن، بۆ ئەم نامەیە هەڵدەبژێرم، ئەوانی تر هەڵدەگرم بۆ کات وشوێنی تایبەتی خۆی و تایبەت بە هاوڕێیەک کە زەنگی وشەکانی هەمیشە لە گوێمدا بە زرینگەن و ، هەناسەی سارد و حەسرەتە قووڵەکانیشی تا دەمرم لە لام دەمێننەوە.

دڵنیا گیان،

ئەوەی لەم نامەیەدا مەبەستمە بیڵێم، داوایەکی منە لە تۆ، هیوادارم دڵم نەشکێنی و منیش و دایکیشت و هەموو عاشقانی دەنگ و ڕێبازی مەرزیە دڵنیا بکەیتەوە کە ناهێڵی ئاوازەکانی مەرزیە بێناز بن. دەزانم هونەرمەندی باش زۆرن و ڕەنگە بتوانن دەستی سترانە بێنازکەوتووەکانی بگرن، بەڵام نا، دڵنیا گیان، لە خۆڕایی نییە هانا بۆ تۆ دەبەم کە خۆت بیانگریتە ئەستۆ. تۆ بەشێکی لە جەستەی مەرزیە، لە ڕۆحی مەرزیە، لە هەناسەی مەرزیە، لە دڵی، لە جەرگی، لە هەموو گەردیلە بێگەردەکانی ڕۆحی، بۆیە تەنها تۆ دەتوانی و کەسی تر ناتوانێ ببێت بە مەرزیە.

تۆ دەتوانی ببی بە ئەو، ئەوە تەنها ڕای من نییە و هی هاوڕێ جوانەمەرگەکەشمە. جارێکیان لەبارەی تۆوە لێم پرسی: " ئەرێ دڵنیا دەنگی خۆشە؟ حەزی لە گۆرانیگوتن هەیە؟" ، ئەو لە بارەی تۆوە گووتی: " دڵنیا دەنگی زۆر خۆشە، سۆز و هەناسەی لە هی خۆم ئەچێ، بەڵام دەنگی لە هی من خۆشترە، وەلێ جارێ خۆی تەسمیمی نەگرتووە گۆرانی بڵێت."

دڵنیا گیان،

ئێستا کاتی ئەو بڕیاردانەیە، من بە تەلەفۆنیش داوام لێ کردی کە تۆ و تەنها تۆ دەتوانی بە هەناسەی مەرزییە ئەو گۆرانیانە بڵێیتەوە، تەنها تۆ دەتوانی ڕۆحی ئەو دایکە مەزنەت ئاسوودە کەی، چونکە ئەو هێندە دڵی بەو گۆرانیانە خۆش بوو، دەتگووت یەکەم جارە گۆرانی دەچڕێ.

دڵنیا گیان،

داوای لێبوردن دەکەم لە هەر هونەرمەندێکی تر کە بە نیاز بێت گۆرانییەکانی مەرزییە بڵێتەوە، من سەبارەت بە هۆنراوەکانی خۆم دەپەیڤم، ئەو هۆنراوانەم تەنها بۆ ئەو داناوە و پێم گووتبوو ئەمانە بە هەناسەی تۆ نووسراون، بۆیە ناتوانم جگە لە "تۆ" ڕێگە بە کەسی تر بدەم ئەو هۆنراوانەی من بڵێتەوە. من هەرگیز ناتوانم پەیمان بشکێنم و ئەمە وەفای منە بۆ مەرزییەی هاوڕێم. من تەنها ڕێگە بە تۆ دەدەم دڵنیا گیان، چونکە دەزانم ڕۆحی مەرزییە ئاوێتەی ڕۆحتە و بەردەوامی هەناسەکانی ئەو لە سییەکانی تۆدایە و تەنها تۆ دەتوانی سۆز ببەخشیتە ئەو ئاوازانە، ڕۆح ببەخشیتەوە بەو هۆنراوانە و، هەناسە پەنگخواردووەکانی مەرزییە بگێڕیتەوە نێو کۆڕی دەروێشانی هونەر.

دڵنیا گیان،

تکایە بڕیار بدە و، دەمەوێ هەر لەم نامەیەدا داوا لە هاوڕێی هێژا، لە هونەرمەندی مەزن ناسری ڕەزازی بکەم کە هاوکاریت بکات لەم بڕیارەدا و لەم هەنگاوە گرنگەدا، تا بە هەموومانەوە قەرەبووی حەسرەتەکانی مەرزیە بکەینەوە و، بەردەوامی بە هەناسەکانی بدەین.

من و دایکت چاوەڕێین "دڵنیا"مان بکەیتەوە.

لە ئامێزت دەگرم.

**2005/09/29**

کوردستان/ هەولێر